سودانی داوا لە ڕۆژنامەنوسان دەکات شانبەشانی دەسەڵاتی چاودێری دەستوری ئەرکەکانی خۆیان ڕاپەڕێنن

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ یەکشەممە، پێشوازی کرد لە نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق موئەیەد عەزیز ئەللامی و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکاکە.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ڕاویکردەوە سودانی گوێی لە پێشکەشکردنەکی گرت سەبارەت بە بارودۆخی ئازادی ڕۆژنامەگەری و میدیایی لە عێراق و جێختی لە بەرنامەی حکومەت کردەوە بە پاراستنی ئازادی ڕادەربڕین بە گوێرەی ئاماژەکانی دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان.

هەروەها سودانی داوای لە ڕۆژنامەنوسان کرد شانبەشانی دەسەڵاتی چاودێری دەستوری ئەرکەکانی خۆیان ڕاپەڕێنن و ڕاستییەکان بە هاوڵاتیان ڕوون بکەنەوە و بگوێرەی پیشەیی و بابەتی میدیا کاربکەن بە پشتیوانیکردنی هەوڵەکانی حکومەت و دەزگاکانی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و بەدیهێنانی گەشەپەدانی گشتگیر و چاکسازی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگییە ئابوورییەکان.